**سەرچۆپی**
**هۆنراوەی شاڵاو**

**سەرچۆپی جێگای یارکە**
**با ســــەرچۆپی بکێشێ**
**هەرکەسێ هــەڵناپەڕێ**
**با بەدەســتی ڕایکێشی**
**دەستی یـــارم گوڵاوە**
**بازنگـــــی تێـدا ناوە**
**سەرپەنجانــی ئاوریشمە**
**ئەمڕۆ لە خـــەنەی ناوە**
**دەستی یارم هــەنگــوینە**
**زووڵفی لــە ڕوو چین چینە**
**لە بـــۆ دەردی غەریبی**
**دەرمـــانـــی دڵ وژینە**
**یارم وا هــــاتە شایی**
**بە خۆو زوڵفـــی تاتایی**
**سینگ و مەمکــی بێستانە**
**دەگری هەنـــاری خوایی**
**شێت ودێوانـــەی کردووم**
**تا دەمرم لـــــە پێناوی**

**وەرە ئەی یاری بەناز**
**شۆخی جوانی بێ نیاز**
**سەرچۆپی بۆ خۆت بگرەو**
**بمانخەرە ناو ئاواز ...**